## رۆزا یونس

یاریزانی هەڵبژاردەی کاراتێی عێراق و راهێنەری هۆڵی سیتی جیم:

# بەدەستهێنانی مەدالیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی یاریزانەکانم خەونی گەورەمە

**لە ئێستادا لە شارەکانی کوردستان یاریی کاراتێ گرنگیی پێ دەدرێت و کچانی شارەکانیش زیاتر روو لە یارییە بەرگرییەکان دەکەن، پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان هەمیشە لەم یارییەدا لە ئاستێکی بەرزی هەبووە و خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە و چەندین مەدالیای جۆراوجۆریان بەدەستهێناوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش کچە یاریزان (رۆزا)یە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و لە ئێستادا بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووە، لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییە نێوخۆییەکانی کوردستان و عێراق چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە، ئێستاش راهێنەری هۆڵی (سیتی جیم)ە لە شاری سلێمانی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** ئاستی یاریی کاراتێ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە چاو ساڵانی پێشوو بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاریی بەرچاو هەیە.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- نەبوونی پاڵەوانێتی تا رادەیەکی زۆر دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی و یاریزانان و بەرەوپێش نەچوونی یارییەکە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری کاراتێ کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی ناوخۆیی و

دەرەکی و کەمپی مەشقکردن، دەبێتە هۆی پێشخستنی ئاستی یاریزان و یارییەکە.

*** گرفتی یارییەکانی کاراتێ لە چیدا دەبینی؟**

- کەمیی پاڵەوانێتی و کەمی پێداویستی، هەروەها گرنگی نەدان بەم یارییە بەپێی پێویست لە چاو یارییەکانی دیکە گرفتی سەرەکین بۆ ئێمە.

*** وەکو راهێنەر بۆ دۆزینەوەی یاریزانان پشت بە چ پێوەرێك دەبەستن؟**

- راگەیاندنی کلاسی کاراتییەکەمان و پیشاندانی راهێنانەکانمان بۆ چاوی کۆمەڵگە هۆکاری هاتنی یاریزانەکانمانن.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

وەکو یاریزانێك هەموو هەڵێکم بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتوونە لە پاڵەوانێتیی جیهان و ئۆڵۆمپیاد، هاوکات وەك راهێنەر پێگەیاندنی یاریزانەکانم بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق ئامانجی سەرەکیمە.

*** یاریزانانی کچ لە ئێستادا بە چ شێوەیەك روو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- لە چاو ساڵانی پێشوو کچان زیاتر روو لە یاریی کاراتێ دەکەن.

*** ئایا تائێستا هیچ یانەیەك داوای راهێنەرایەتی لێ کردوویت؟**

- یانەکان نەخێر، بەڵام لە ئێستادا لە هۆڵێکی ئەهلی کاری راهێنەرایەتی دەکەم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- کردنەوەی پاڵەوانێتی و کەمپی مەشق و راهێنانی زیاتر و هاوکاریکردن و ناردنی یاریزان بۆ پاڵەوانیەتییە دەرەکییەکان پێویستییەکی هەمیشەیین بۆ ئێمە، هیوادارم لایەن و بەپرسانی وەرزش بە گرنگییەوە لەم باتە بروانن.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- پێشکەوتن و بەدەستهێنانی مەدالیای ناوخۆی و نێودەوڵەتی بۆ یاریزانەکانم خونی گەورەی منە.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- سەرسامم بە Rika usami یاریزانی ژاپۆنی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشی دەکەن، هیوادارم لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە زیاتر پاڵپشتیی یاریزان بکرێت.



# بەرشلۆنە شوێنگەرەوەی سوارێزی دەستنیشان کرد

یانەی بەرشلۆنە بۆ شوێنگرەوەی لویس سوارێز لەگەڵ گابرییێل باریۆسای هێرشبەری بەرازیلی لە گفتوگۆدایە.

دوای ئەوەی بەرشلۆنە بەفەرمی رایگەیاند، کە لویس سوارێز بەهۆی پێکانەوە تا ٤ مانگی دیکە ناگەڕێتەوە یاریکردن، بەرپرسانی ئەو یانەیە بەخێرایی لە هەوڵی شوێنگرەوەی دان، بەوپێیەی دۆخی تەندروستی عوسمان دێمبلیش جێگەی گومانە.

بە گوێرەی سەرچاوە راگەیاندنەکان، گابرییێل باریۆسای هێرشبەری ئەنتەر میلان، کە ساڵی رابردوو بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی فلامینگۆی بەرازیلی کردووە، ماوەی خواستنەکەی تەواو بووە و ئێستا گەڕاوەتەوە ئەنتەر میلان، بەرپرسانی یانە ئیتاڵیاییەکە دەیانەوێت دەستبەرداری ئەم یاریزانە ببن و لەگەڵ ئارتورۆ ڤیدالی ناوەڕاستکاری چیللی بەرشلۆنە بیگۆڕنەوە.

باریۆسا، کە بە باتیگۆل ناسراوە تەمەنی ٢٣ ساڵە و وەرزی رابردوو لەگەڵ فلامینگۆ لە کۆی ٤٣ یاری ٣٤ گۆڵ و ١١ ئاسیستی کردووە و نازناوی کۆپا لیپەرتادۆریسی لەگەڵ یانەکەی بردەوە.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ئەنتەر میلان دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانە بەشێوەی خواستن دەستبەرداری باتیگۆڵ بێت و لە لایەن هەریەک لە یانەکانی تۆتنهام، کریستاڵ پالاس و وێستهام داوا کراوە.



# ئینگلتەرە باشترینەکانی ٢٠١٩ی دەستنیشان کرد

جۆردان هێندرسۆنی یاریزانی یانەی لیڤەرپوول وەک باشترین یاریزانی ئینگلتەرا لە ساڵی رابردوو دەستنیشانکرا.

یەکێتیی تۆپی پێی ئینگلتەرا ناوی باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٩ـی بڵاوکردەوە، تێیدا جۆردان هێندرسۆن پێش هاری کەین و رەحیم ستێرلینگ کەوت و بووە باشترین یاریزانی ساڵی رابردوو لەسەر ئاستی یاریزانە ئینگلیزەکان لە ئینگلتەرا.

هێندرسۆن لەگەڵ لیڤەرپوول سێ نازناوی کیشوەریی بەرزکردەوە و دووەمی خولی ئینگلیزی بوو، لە هەڵبژاردەی ئینگلتەراش بەشێوەی سەرەکی لە زۆربەی یارییەکاندا یاریکرد، سێیەمی پاڵەوانێتیی ئەوروپا بوون.

لەسەر ئاستی کچانیش لوسی برۆنزی یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی لیۆنی فەرەنسی بە باشترین خانمە یاریزان لەسەر ئاستی ئینگلتەرا دەستنیشانکرا، ئەو کچە یاریزانە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی گەیشتنە قۆناخی پێش کۆتایی جامی جیهانیی ئافرەتان.



# بەرگریکارێکی یۆڤانتوس حەوت مانگ دووردەکەوێتەوە

یانەی یۆڤانتوسی ئیتاڵی هەواڵێکی ناخۆشی بە هاندەرانی گەیاند، ئەویش پێکانی دیمێرێلی بەرگریکاری تورکی بوو، کە ماوەیەکی درێژ دادەبڕێت.

دوای ئەوەی لە یاریی رابردووی یۆڤانتوس بەرانبەر بە یانەی رۆما گۆڵی یەکەمی بۆ یۆڤانتوس تۆمارکرد، هەر لەو یارییەدا دیمێرێل تووشی پێکانێکی سەخت بوو، دوای ئەوەی بەستەری ئەژنۆی پچڕا و دواتریش برِبرِەی ئەژنۆی پێکرا، لە دوای پێکانەکەی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی لەژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆر کریستیان فینک بۆی کرا.

یانەی یۆڤانتوس لە بڵاوکراوەیەکیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دیمێرێل بەهۆی ئەو پێکانەوە بۆ ماوەی حەوت مانگ لە یاریکردن دادەبڕێت، جگە لەوەی کە لەسەرجەم یارییەکانی ئەم وەرزەی یۆڤانتوس دادەبرێت، ئەو یاریزانە ناتوانێت بەشداری لە یارییەکانی یۆرۆی ٢٠٢٠ـیش بکات لەگەڵ هەڵبژاردەی تورکیا، کە لە ناوەڕاستی ئەمساڵ دەکرێت.

دیمێرێل لەم چەند یارییەی رابردوو لەگەڵ یۆڤانتوس ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد و ماتیاس دیلێختی کردبووە یەدەگی خۆی.



# یانەی شەترەنجی خانزاد ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە

تیپی شەترەنجی یانەی وەرزشیی خانزادی شاری هەولێر یەکێکە لەو تیپانەی کە لەسەر ئاستە جیاوازەکان ساڵانە چەندین خول و پاڵەوانێتی دەکاتەوە، تیپەکە جیاواز لەوەش خولی فێربوونی یاریی شەترەنج و خولی راهێنەران و ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی و هاوکاری و رێکخستنی پاڵەوانیەتییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی پایتەختی کوردستان و بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ، ئەم یانەیە تاکە یانەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە کە گرنگیی زۆر بە یارییەکانی شەترەنج دەدات، چەندین یاریزانی پێگەیاندووە بۆ شارەکە و ئەنجامیان بەرچاوە، ئێستاش دەستەی کارگێڕیی یانەکە پلانی درێژخایەنی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە بواری شەترەنج یانەکە بباتە قۆناغێکی دیکە، ساڵی رابردووش یانەکە چەندین ئەنجامی بەرچاوی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و عێراقیش بەدەستهێناوە و هەوڵی ئەنجامی باشتر دەدات لە ئەمساڵدا، دەستکەوتەکانی یانەکەش بریتین لە:

١-بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عێراق.

٢- بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتیی جامی عێراق.

٣- بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتیی لاوانی کچانی عێراق.

٤- بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە پاڵەوانێتیی لاوانی کوڕانی عێراق.

٥- بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووانی کچانی عێراق.

٦- بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووانی کوڕانی عێراق.

٧- بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە پاڵەوانێتیی یانە پلە نایابەکانی کوڕانی عێراق.

٨- بەدەستهێنانی پلەی سێیەم لە پاڵەوانێتیی یانە عەرەبییەکان لە سەر ئاستی کچان لە وڵاتی تونس کە بە نوێنەرایەتیی عێراق بەشدار بوون.



# دەربەندیخان چ

تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناغی یەکەمی خولەکە لە کۆی ئەنجامدانی ١٢ یاریی رابردوو تەنیا خاوەنی ١٤ خاڵە، کە لە خولەکە لە پلەکانی ناوەڕاست دێت، بەڵام یانەکە ئومێدێکی زۆری هەیە کە بتوانێ کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە یارییەکانی داهاتوودا و ببێتە یەکێك لە یانە گەورەکانی خولەکە و ئاست و ئەنجامی بەرچاوتری هەبێت، لەم بارەشەوە هۆگرعەبدول عەزیز راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەموکووڕیشمان هەیە، بەتایبەتی لە هێڵی ناوەڕاست و هێرشبەر»، لە بارەی یارییەکانی داهاتووش گوتی: «پەنا بەخوای گەورە هەوڵ



# عەلی کاکە مینە لە چەند یانەیەک داوا کراوە



تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانە ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نییە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، لە کۆی ئەنجامدانی ١٢ یاریی رابردوو تەنیا خاوەنی هەشت خاڵە و لە پلەی دوازدەیەمی ریزبەندی یانەکان دێت، بەڵام بەهۆی کێشەو گرفتەکانیان ئەم وەرزە یەکێك لە باشترین یاریزانانی یانەکەیان (عەلی کاکە مینە) هێرشبەر و گۆڵکار ماوەیەکە لە ریزی تیپی تۆپی پێی یانەکە دوورکەوتۆتەوە، چەند یانەیەش داوای ئەم هێرشبەرەیان کردووە، بەڵام یانەکەی مۆڵەتی گواستنەوەی پێ نادات، لەم بارەشەوە عەلی کاکە مینە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چەند یانەیەك داوای یاریکردنیان لێ کردووم، بەڵام یانەی شێروانە مۆڵەتی گواستنەوەم پێ نادات، بۆیە هەوڵ دەدەم مۆڵەتەکەم پێ بدەن بۆ ئەوەی بچمە یانەیەکی دیکە و لە یاریکردن بەردەوام بم، بەڵام ئەوان مۆڵەت نادەن و هیچ دادگایەکی وەرزشیش نییە رووی تێ بکەم و داوای مافی خۆم بکەم، کاتێك یانەیەك یاریزانێك دووردەخاتەوە، دەبێت رێگەشی بدات بۆ یانەیەکی دیکە یاری بکات». ئەو یاریزانە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «کێشەی من کارگێڕیی یانەکەیە و چەندین جار هەوڵی ناشیرینکردن و کەوتنی منیان داوە، منیش ئیتر ئارام و سەبرم نەماوە و رۆیشتوومەتەماڵەوە.»

## ـــــاوی لە کێبڕکێیە

دەدەین پێکهاتەکەمان لە قۆناغی داهاتوو بەهێزتر بکەین و ئەو کەموکوڕییانەی لە پێکهاتەی یانەکە هەمانە، پڕی بکەینەوە، دەمانەوێ لە یارییەکانی داهاتوو کێبڕکێ بکەین بۆ پێشەوەی ریزبەندی یانەکان و لە کێبڕکێیەکان دوا نەکەوین»

تیپی تۆپی پێی کوڕانی یانەی دەربەندیخان یەکێکە لەو تیپانەی کە خاوەن رێژەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشییە و هەمووکات هاندەرانی شارەکە پشتگیریی زۆری تیپەکەیان کردووە و خاوەن رێژەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشین، بۆیە یانەکە بۆ قۆناغی دووەم بەرنامەی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەنجامەکانی لە یارییەکانی داهاتوو باشتر بکات، دەستەی کارگێڕیی یانەکە و هاندەرانی یانەکەش چاویان لە یانەکەیانە کە بتوانن ئەنجامەکانیان باشتر بکەن.

فۆتۆ: ئاراس بارتێز

